www.kurdistannet.org
31-10-2005 15:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## زمانی هەمیشە پڕلەجنێوی ڕزگار سالح ناتوانێت مێژوی خۆرئاسای کوردایەتی بشێوێنێت؟؟!!. . جەمال فەتاح

پێش ئەوەی بێمەسەر وەڵامدانەوەی جنێو وەوڕاوەکانی ڕزگار ساڵح پێشینانی کوردئەڵێت (ئەگەر گوڵنیت دڕک مەبە) ڕزگار ساڵح ئەوەماوەیەکە لەسەر سایتەکان پەیدا بووەوبەچەند ناو نازناوێکی جیا نوسینی وجنێو بڵاو ئەکاتەوە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان وڕێبازی پیرۆزی بارانی وسەرۆک مستەفا بارزانی نەمر: پەلامار دەدات، جارێک لەئیتلاعاتپۆستدا بەناوی م. ڕزگار وجارێکیتر بەناوی ڕزگار سالح ئیتر نازانم نازناوی تریشی هەیە یان نا؟؟.

جاری پێشو لەسەر کۆمەڵەجێنێو وبوختانێکت لەسەر ماڵپەڕەکان من سەرەتا پێم باش بوو بەزمانی گوڵ لەگەلت بدوێم وسەرنجت ڕابکێشم بۆلای ڕاستیەکان کەتۆی بەشەوارەکەوتوو لەبەر دەرون تەنگی ودەرون نەخۆشی هەردووچاوت لەئاست ئەوڕاستیانەدا کوێرە. بەڵام دیارە تۆکەپەروەردەی دڕکودالّ بیت جگەلەوە لەزمانی گوڵ تێناگەیت واش ئەزانێت ئەگەر کەسێک بەئەدەبەوە وەڵامت بداتەوە ئەوە لەجەنابت ئەترسین؟؟!!. بەڵام دیارە کەسی وەک تۆبەشەوارەکەوتوو کزوکووێر لەئاستی ڕاستیەکان تەنها فێری زمانی جنێوکراوە، بۆیە پێم باشە لەجێی خۆیاندا وەڵامی گشت جنێوو ووڕاوە دژەکوردە کانت بدەمەوە، دیارە سەرەتا من ئەبێت ئەوەت پێبڵێم کەمن هەرگیز بێئەدەبی ناکەم بەرانبەر بەهیچ کەسایەتیەکی ناویەکێتی نیشتمانی کوردستان وکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان چونکە من نەڕزگار ساڵح بەنوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەزانم ونەنوسینەکقانیشی ڕای یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. وەکو ئەم برادەرە جنێو فرۆشە شانی بەجنێودا کردووە چونکە لەلایەک ئێستا یەکێتی وگشت لایەنە نەتەوەییەکان لەگەل پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەیەک سەنگەردان ولەلایەکیتر بەرژەوەندی کورد تەنها لەیەک بوونی ماڵی کوردو یەکگرتنەوەی درزەکانی وڕیزەکانیەتی وەمن بەزمانی جنێو نانوسم ولەسەریشی ڕانەهێراوم، وەپارتی دیموکراتی کوردستانیش هەرگیز کادرو ئەندامانی خۆی لەسەر کوردکوژی وجنێو فرۆشی ڕانەهێناوە چونکە هەرگیز لەسەر حسێبی حزبو لایەنی دیکە خۆی پێنەگەیاندووە بۆیە لەلایەک پارتی دیموکراتی کوردستان حزبی دایکە لەکوردستانی باشوردا کەلەماوەی شەست ساڵدا درێژەو بەردەوامی بەڕێچکەی خەباتی سیاسی وسەر بازی خۆیدابێت پێویستی بەهیچ حزبو لایەنێک نەبووە کەتوراپی لێفێر بێت یان هەوڵبدات لەسەر حسێبی لایەنێکی دیکە خۆی پێبگەیەنێت ئەمە لەنەریەتی پارتی بەدوور بووە، بەپێچەوانەشەوە لەلایەکیتر ئەوەگشت لایەنەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردستان بوون کەلەحزبی دایک فێری خەبات وپێشمەرگایەتی وکوردایەتی بوون وەلەسەر حسێبی نەهێشتنو قەڵاچۆکردنی یەکتری خۆیان پێگەیاندووە.

من کاتێک مێژوی چەپەکانی کوردستان باس دەکەم جگەلە حزبی شیوعی ئێراق کەئەویش هەتا دوای ڕاپڕین خۆیان بەکورد نەزانیوە ئیتر مێژوی دروست بونی چەپگەرایی لەکوردستاندا سەرەتاکەیان لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستپێئەکات کەئەویش دروست بونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بوولەساڵی 1972دا.

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەدوای بڕیار نامەی 11ی ئازاری ساڵی 1970ی مێژووی کەشۆڕشی سەرتاسەری جەماوەری گەلی کوردستانی باشور شۆڕشی ئەیلولی مەزن بەڕبەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان وبەسەرکردایەتی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمر

چۆکیان بە دوژمنان وفاشستەکانی بەعس و هەموو خائینانی کورد دادا وبۆیەکەم جار لەمێژوی خەباتی گەلەکەماندا لەژێر سایەی ئەو شۆڕشەدا لەپارچەیەکی نیشتماندا دوژمن دانی بە بوونی کوردو مافە خۆرئاساکانیدا نا. ئەوکاتە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دروست بوو سەردەمی شۆڕشی ئەیلولی مەزن بوو واتە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر کۆڕەپانی خەبات بوو وەلەژێر باڵی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە سەری دەر هێنا، لەکاتێکدا کۆمەڵەی ڕەنجدەران بەبێترس دروست بووکەئاگربەستی نێوان شۆڕشی ئەیلولی مەزن ورژێم هەبوو سەرتاسەری کوردستان بەکەرکوکی دڵی کوردستانیشەوە لەبن دەستی شۆڕشو پارتیدا بوو وەپارتی دیموکراتی کوردستان فەرمانڕەوای سەرانسەری کوردستان بوو نەک لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزن کۆمەڵەی ڕەنجدەران دروست کرابێت وەک ئەم برادەرە ئەیشێوێنێت. ئەوەجەنابتی هەمیشە خەریکی قۆپیکردن وشیواندنی ڕاستیەکانی نەک من، دروستئەوە تۆی دۆو دۆشاوت بەسەر یەکدا شێواندووەوتێکەڵ کردووە نەک من.

کاک ڕزگار ئەبێت باش بزانی کەبەشی زۆری ئەوانەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیان دروست کرد تەنها دوساڵ پێش دروستکردنی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لەچی سەنگەرێکدا بوون؟؟!!. . . جەنابت ئەتەوێت خۆڵ بکەیتە چاویکێ؟؟بەڕاستی زۆرم لاسەیرە کەڕزگار ساڵح بەزمانی ناوەڕاستی حەفتاکان هەتا سەرەتای هەشتاکان ئەدوێت وئەیەوێت تازە لەچەرخی عەولەمەدا جەماوەری چاوکراوەی کوردستان بەقەوانی سواوی ئەوساڵانە وەکو خۆی بەشەوارە بخات بەوشەی پرووپوچو هەمیشە دۆڕاوی ئاشبەتاڵ وهەرەس وبنەماڵەو خێڵ وسەرکردایەتی خێڵەکی بنەماڵەی خۆفرۆش وهەزارو یەک درۆو بوختانی ئەوساڵانەی کە هەندێک لایەن بۆچاوبەست کردنی جەماوەری سادەی گوندنشنەکانی کوردستان بۆدروستکردنەوەی کەلتووری ڕووخاوی پڕلەشەرمەزاری ڕابردوویان بەکاریان ئەهێنا ئەم ئەیەوێت تازە چاومانی پێببەستێت. بەڵام دڵنیام لەچەرخی گولۆبالزمدا جگەلە خۆی کەلەوساکەوە بەشەوارە خراوە هێشتا نەهاتووەتەوە سەرخۆیو وەک سەرخۆش هێشتابەری نەداوە، بەمەرجێک ئەوانەش کەئەویان بەشەوارە خست هاتنەوە سەر خۆیان ودانیان بەڕاستی ڕووداوەکاندا نا، کەچی ڕزگار لەبەر دەرون نەخۆشی هەر لەسەر هەمان قەوانە کۆنە بەردەوامە.

کەسێک ئەوەندە دەرونی نەخۆش وکوێر بێت شۆڕشی ئەیلولی مەزن کەشۆڕشی سەرتاسەری کوردستان بوو بەجۆرێک لەبەدرەوجەسان هەتا زاخۆو خاپوری گرتەوە بەشۆڕشی چەواشە ناوببات، لەکاتێکدا بنبەرد نەماوەوبنەدەوەن نەماوە لەسەرتاسەری باوشووری کوردستاندا خوێنی پێشمەرگەیەکی قارەمانی ئەشۆڕشەی تێدا نەڕژێت. تاکە گوندێکی کوردستان نەماوە کەپێشمەرگە قارەمانەکانی شۆڕشی ئەیلول بەرگری قارەمانانەیان لێنەکردبێت، کوردێک لەباشوری کوردستاندا نەماوە کەپارتی دیموکراتی کوردستان وشۆڕشی ئەیلولی مەزن لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا بەبیری شۆڕشگێڕانە گۆشی نەکردبێت، هەربۆیە شۆڕشەکەش لەئەنجامدا بووبوخاوەنی 150000یەک سەدو پەنجا هەزارپێشمەرگەی گیان لەسەردەست، کەچی لەکاتێکدا لەم چەرخەدا ڕاستیەکان چی لەنوسین وچی لەمەیدان بەچاوی کوێرەکانیشدا ئەچەقن تازە مامۆستا ڕزگار ئەفەندی قەوانی سواوی درۆمان بۆلێئەداتەوە، بۆئەمەشیان ڕوولە گشت خوێنەران ئەکەم ڕزگار ساڵح بەدەوری لاپەڕەی یەکەمی ڕووداوەکاندا سوڕاوەتە یان من؟؟!!. ڕزگار سماتە ئەکات وئیفلاسە لەمێژوی دروست بونی پارتو لایەنەکان وشۆڕشەکانی کورد یان من؟؟!!. دیارە ئەوجنێوودرۆیانەی جەنابت کاتیان بەسەر چووە بەڵام وەک لەسەریشەوە ئاماژەمان بۆکرد

ئەوەڕزگار ساڵحە کەهێشتا درۆو چەواشەکاریەکان بەری نەداوی نەک من؟؟!!. ڕزگار ساڵح خۆی کەوتووتە ناوزەلکاوی خەیاڵپڵاوی کۆنە درۆکان نەک من؟؟!!. .

من بەشیوازێکی زۆرزانستیانە باسی ئەولایەنانەمکردووەو لەزۆرجێگاش لەبەر بارودۆخی کوردستان لەتاوان وهەڵەوکەموکوڕیەکانیاندا زۆرخاتری لایەنە کوردیەکانم گرتووە بەتایبەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دەنا من لەساڵی 1976وە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانم وخۆم شاهیدی زیندووی گشت ڕووداوەکانم تاکوئێستاشی لەگەلدابێت وەزۆر لاپەڕەی هەستیارم بواردووەو لەم بارودۆخەی کورد دا نەمویستووە ئاماژەیان بۆبکرێت چونکە من وەک جەنابت بەبێ باج نایەمە سەر نوسین وناشم ئەوێت بەجنێو وتەی هەرزان تۆئاسا خەڵک چەواشەبکەم چونکە بەرژەوەندی گەلەکەمان ئەمڕۆ واناخوازێت.

مێژوی شۆڕشی دوای شۆڕشی ئەیلول شاهیدی گشت ڕاستیەکانن نامەوێت برینەکۆنەکان بکولێنمەوە بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم هەمولایەنێکی سەر گۆڕەپانەکە بەشی خۆی تاوانی هەبووە لەدروستکردنی شەڕی براکوژیدا بەتایبەتی ئەو کەسو لایەنانەی کەپێویستیان بەشەڕی براکوژی هەبوو هەر لەدەستپێکی شۆڕشدا، بەڵام کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش ڕێکخراوێکی خێر خواز نەبوو تاکو فیشەکو تفەنگ بەسەر لایەنەکانیتردا دابەش بکات، هیچ ڕیکخراوو حزبێکی کوردستانیش نەماوە کۆمەڵەی ڕەنجدەران چەندین دەورە شەڕیان لەگەل نەکردبێت لەم پەڕی ڕاست بۆئەو پەڕی چەپ لەورد ترین ولاوزترین لایەن تاگەورەترین لایەنی کوردو کوردستانی.

نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزنیش پلانێکی نێودەوڵەتی بوو دژی شۆڕشی نەتەوایەتی کورد بەسەر کردایەتی ئەمریکای ئەوسەردەمە ئەمەش لەچەند وتارێکی ڕابردووم دا ئاماژەم بەوردی بۆکردووە بۆیە لەم بوارەدا دووبارەی ناکەمەوە، نەک وەک ئەوەی ڕزگار وەک هەر درون کوێرێک ئاماژەی بۆدەکەیت گوایە ئەڵێیت (بنەماڵەی بارزانی هەرکاتێک مەترسیەکان نزيك بەدەسەڵاتیان بووبێت بانگەشەی چونشاخ ودەست دانە چەکیان داوەو کاتێکیش ژیانی بنەماڵە تۆزقاڵێک لار بووبێت زوڕنای هەرەس و وازهێنانیان بێ پرسی گەل لێداوە) لێرەدا ئەبێت پێت بلێم یان زۆردەبەنگی ونەلەمێژوو نەلە مانای شۆڕشگێڕی کورد نەگەیشتوویت، یان دەرونت ئەوەندە کوێرە هەموڕاستیەکان بەئاوەژۆ ئەخەیتە ڕوو.

جەناب:بنەماڵەی شۆڕشگێری بارزان زیاتر لەسەدو حەفتا ساڵە سەرکردایەتی شۆڕشکانی کورد ئەکەن رژێمی پان ئیسلامی عوسمانلی لەشۆڕشی یەکەمی بارزاندا شیخ عەبدالسەلامی گەورەی باپیری مستەفا بارزانی نەمریان لەموسڵ لەسێدارەداوە لەسەرەتای سەدەی ڕابردوودالەسەرداواکاری مافە نەتەوایەتیەکانی کورد، لەوکاتە سەردەمی باپیرەگەورەی من وتۆئەکات بەڵام باپیرە گەورەی من وتۆ ئەوکاتە نەک نەیان ئەزانی وشەی کورد مانای چی بەڵکو نەشیان زانیوە وەکو مرۆڤیش بیر شتە زۆرسادەکانی ژیانی خۆیانبکەنەوە نەک لەسەر کێشەی ڕەوای گەلەکەمان وەک باپیری مستەفابارزانی لەسێدارە بدرێن. لەلایەکیتر ئەگەر باس لەوشەی ئازایەتی کورد بکەین ئەبێت لەبارزانی وبارزانیەکانەوە دەست پێبکەین چونکە مێژو شاهیدی ئازایەتی وگیان فیدایی ولەخۆبردوویی ئەوانن قوربانیەکانیشیان بەڵگەی حاشا هەڵنەگرن بۆسەلماندنی ئەو ڕاستیانە، ئیتر بەزیوێکی دەرون نەخۆشی بەشەوارەکەوتووی وەک ڕزگار سالح لەم بوارەدا لەوە زیاتر کاتی خۆمی نامەوێت پێوە خەرج بکەم چونکە هیچ خاڵبەندیەک لەنوسینەکانی ڕزگاردا نیەوهەروا هەڕەمەکی بێباج نوسیونی، بۆیە بەجێی دێڵم بۆخوێنەران باخوێنەران سەرپشک بن.

لەکۆتاییدا ئەڵێم ڕاستیە خرئاساکانی مێژوی ڕابردووی گشت کۆمەڵو لایەنێک لەبەرچاوانی گشت کوردێکی ڕۆشنبیری ڕاستە قینەیە پێویست بە درۆ وبوختان و خۆسور کردنەوە ناکات وەک ئەم برادەرە ئەیەوێت. پێشینانی کوردیش ئەڵێت (مانگ چواردەیەو پێویستی بەئەنگوستکێشان نیە) . .

جمال فتاح
2005/10/31
لەندەن